www.kurdistannet.org
28-10-2006 10:11 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## دیدارێک لەگەڵ سەفین مەلاقەرە

سەفین مەلاقەرە، ، کادیروپێشمەرگەی دێرین وەك کورە جوتیارێکی کەندێناوە لەگوندی مەلاقەرە لەدایك بووە کەسەر بە قەزای مەخمورە لە پارێزگای هەولێر... ئەوەندەی لە گوندو شار ژیاوە توانیویەتی قۆناغی خوێندن لە پەیمانگای کشتوکالی تەواو بکات.. لەژێر گوشاری رژێم وپەیوەندی بوونی بە رێکخستنەوە نەیتوانیوە ببمێنێتەوە بۆیە لە سالی 1980 پەیوەندی کردووە بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە رێزی ی. ن. ك بێدابران کە تەمەنی پێشمەرگایەتی بە خەباتی شاروشاخی دەگاتە 26سال خاوەن رابردویەکی پاك وکەسێکی دیاری شاری هەولێرە ئێستا یەکێکە لەو سێ پالێوراوەی کەبۆ مەلبەندی سێی هەولێر دەستنیشان کراوە بۆیە (پ. م) ە دێرینەکان بەباشیان زانی ئەو چەند پرسیارەی ئاراستە بکات.

**پرسیار.. وەک رکابەرێکی بەهێزی بەرێز (سعدی پیرە) لەسەر بەرپرسی مەلبەند خۆت لەو هەلبژاردنە چۆن دەبینیتەوە؟**

وەلام.. مەسەلەکە رکابەرایەتی نیە بەلکو پەرۆشی کارکردنمە بۆخزمەتی رێکخستن وبەرنامەی ی. ن، ك لەهەولێر چونکە من هەموو ژیانم لە پێناوی پەیامی پیرۆزی کوردایەتی تەرخان کردووەکە هاوسەنگەرەکانم لە پێناویدا شەهیدوکەمئەندام بوون ئەمانەتی پیرۆزیان لە سەر شانی ئێمەیە کەدەبێ بیگەیەنین بەدوا ئامانج بۆیە ئەوپەرۆشیە بۆقەزیەکەمان لەکەسەکانی ترنابینم.. وە پێموایە رێکخستنەکانی ی. ن. ك لە هەولێرو دەوروبەریدا جۆرایەتیەکی پێشگەوتوتریان هەیە کە ئەگەر بەچاکی رابەرایەتیو ئاراستە بکرێن زۆرچالاك دەبن بەمەرجێ لێپسراوێکی وەك خۆیان چالاك ونەترس بێت وجێی متمانە بێت دیارە متمانەش تەنها لە کەسێکی دلسۆزو دەستپاك وبەئەمەك دەست دەکەوی.. !کەمن ئەم سیفاتانە کەمتر لەهەردوو کەسەکەی تردا دەبینم.

**پرسیار.. ئەو قەیرانە سیاسیەی ی. ن. ک بەناویدا گوزەر دەکات چەند حالەتێکی نەگەتیڤی وەک تەکەتولی لێکەوتۆتەوە تۆ پێتوایە ئەوهەلبژاردنە بازنەیەکی داخراوبێت بەسەر ئەودیاردەیەو چارەسەرێکی ئەکتیڤ بێت بۆئەوحالەتە نەزیفەی کەلەوەتەی یەکێتی هەیە پێی کۆنترۆل نەکراوە؟**

وەلام.. ئەوە قەیران نیە، بەلکو گونجاندنی شێوازی کارکردنە لەگەل قۆناغەکەدا، یان روونتر نوێکردنەوەو هاوچەرخاندنی پێکهاتەو شێوازی رێکخستن بۆ قۆناغی ئایندەی خەباتی ی. ن. ك.. بۆیە تەکەتول وەك دیاردەیەکی ترسناك لەزۆرقۆناغدا سەری هەلداوە زادەی ئەوگۆرانە نیە

**پرسیار.. ئایە بەرێزت خۆت لەکوتلەیەکی دیاریکراو دەبینیتەوە ئیشی بۆ بکەیتو پالپشتت بێت یا هەلوێستت لەگەل ئەوتیارەیە کەبەراستی دەیانەوی چاکسازی بکەن لەناو یەکێتی؟**

وەلام.. من لایەنگری نوێکردنەوەی رێکخستن و بە موئەسەساتکردنی یەکێتیم وەلە گەل گۆرین و کاراترکردنی سیستەمی کارکردنی دەزگاکانی یەکێتیم چونکە باوەرم وایە تاکە رێگایە بۆ بەهێزکردنی رۆلی پێشرەوایەتی ی. ن، ك لە بزوتنەوەی کوردایەتیدا.. هەرکەسێك وەیان تاخمێك بەم شێوەیە بیر بکەنەوەو کاری بۆبکەن لە چوارچێوەی شیرازەکانی ی. ن. ك.. من خۆم بوهاوریوهاوکاریان دەزانم.. ئەگەر ئێوە ناو لەو شێوازە دەنێن تەکەتو ل من وای پێنالێم.

**پرسیار.. تۆ وەک پێشمەرگەیەکی دێرین.. جگە لەوەی زۆر بەرپرسی عەسکەری بوویت. چەنجارێکیش پۆستی ئیداریوحزبیت هەبووە.. وەک لە یەکەم کابینەدا بەرپرسی ئاسایشی هەولێر بوویت و.. وەک و حزبیش.. ماوەیەک بەرپرسی مەلبەندی رانیە بوویت. بۆ مەلبەندی هەولێر دەتوانی چی بۆ بکەی. وەک ئێستای بەرێز (سەعدی پیرە) کەئەوەندە راپۆرتی رەخنەی لەسەرکراوە.. ئەوەندە ستایش نەکراوە.. تۆ لەو زیاترت پێە بۆ هەولێر؟**

وەلام.. من پشت ئەستور بە رابردوویەکی بی تەم ومژم. کە دۆست ودوژمن شایەتن بۆ دلسۆزیو پەرۆشیم بۆ دوارۆژێکی ئاسودە بۆ کۆمەلگای کوردەواری وەتەجروبەی درێژم لە ئیدارەدان و ئاراستەکردنی کادر

لە ریكخستنی نهێنیو پێشمەرگایەتیو دواتر لە ئیدارەی مەلبەند. جگە لەوەی خۆشەویستم بۆ هەولێر و هاورێكانم.

دتوانم بلێم بە هاوكاری هاورێكانم پشتیوانی سەركردایەتی رێكخستنەكان و روخساری یەكێتی ببەینە قۆناغێكی پێشكەوتوو

**پرسیار.. بەم دواییە تەنگژەیكی ئیعلامی كەوتە نێوان بەرپرسی مەلبەندی سی ولقی دوو لەسەر هەندی كێشەی لاوەكی.. چونكە زۆر لەو كێشانە گەورەتر هەبوون لەكاتی خۆی باسی لێوە نەكرا دووبارە نۆژنكردنەوەی بابەتی ئەو كێشانە لە سەرو بەندی هەلبژاردندا.. پێتوانیە سیناریۆیەكی دروستكراو نەبێت بۆ بانگەشەی هەلبژاردن و دەرچوونی بەرێز (سەعدی پیرە) .**

وەلام.. تەعلیقم نیە لە سەر ئەو پرسیارە.

**پرسیار.. زۆربەی ئەو ئەندامانەی كەوا دەرنەچوونەتەوە یان ئەوانەی وا لەو هەلبژاردنەی مەلبەندەكان دەرناچنەوە بەرێزت چ زەمانەتێک دەدەی بەمووچە نەبران وبێكارنەبوونیان لە سنوری مەلبەندی سی؟**

وەلام.. زەمانەتی ئەوانە لەلایەن بەرێز (مام جلال) و بریاری م. س ە مەلبەندی سی دەتوانی بەشێوەیەكی دادپەروەرانە ئەوكادیرانەی دەرناچن و وەزۆر كادیرو تێكۆشەری تریش لە مەلبەندو كۆمیتەكان بخاتە گەرو بواری كاركردنیان بۆ دابین بكات تابتوانن لەهەلبژاردنەكانی ئایندەدا بواری بەشداربوونیان بۆ برەخسی.

**پرسیار.. بەرێز كاك سەفین تۆ وەک ئەندامێكی سەركردایەتی ئەگەر فایلی جاسوسیو سیخوریت لەسەر ئاشكرابووایە هەلوێستت چی دەبوو؟**

وەلام.. ناتوانم تەیەوری بكەم چونكە قەت بیرم لێنەكردۆتەوە بیریشی لێناكەمەوە.

**پرسیار.. تۆ بە حوكمی خەباتی پێشمەرگایەتیت زۆرێک لە ئەندامانی كۆمیتەو مەلبەندەكان دەناسیو دەتناسن.. بەلام لە سەر ئاستی كەرتوپۆل كەمتر ناسراویت پێت وانیە زۆر لەو دەنگانەت لەدەست بچێت و مەترسی بێت بۆ دەرچوونت؟**

وەلام.. مسەلەكە تەنها ناسین نیە بەلكو متمانەی خەلكە من پێموایە پێكهاتەی رێكخستنەكانی ی. ن. ك تا ئێستا لە هەولێر وەك حیزبێكی ئۆپۆزیۆسۆن وایە نەك دەسەلات بەدەست واتە جیاوازە لە گەل ئەو شوێنانەی كە ی. ن. ك تیایدا بالادەستە.

**پرسیار.. هەندێک مسئوول یان بابلێین پالێوراو لە هەلمەتی گردانی دەنگن بەلام بەرێگای ناشەرعی پارە دەبەخشن و.. دەعوەت دەكرێن.. ئەگەر دەنگێک بەو شێوەیە قۆرخ بكرێت چ مانایەک بۆ مەبدەئو دیموكراسی دەمێنێتەوە؟**

وەلام.. هەلبژاردنەوەی ئۆرگانەكانی رێكخستن نەك هەلبژاردنێكی جەماوەری بۆیە پێموایە پارەبەخشین ورێگای ناشەرعی ئەگەر هەبی لەلایەن هەركەس و تاخمێك ئیهانەیەكی ئاشكرایە بۆ ئەو كەسەی وەری دەگرێت و وەكاردانەوەی خراپیش لەسەر بدەرەكەی دەبێت.. چونكە كەس نیە نەزانی كەئەمە گەندەلكردنی رێكخستنە..

**پرسیار.. بەرێز مالەكەت لەمالی ئەندامێكی سەركردایەتی ناچێت.. ئەگەر خۆت هەژارترین ئەندامی سەركردایەتی نەبیت كوی لەتۆ هەژارترەو خاوەن كۆمپانیاو موقاولات نیە؟**

وەلام.. من هەژارنیم خۆشم مەقارەنە ناكەم لە گەل سەركردایەتیەكانی تر دەمەوی وەك زۆربەی خەلك بژیم نەك چینێكی سەرووی خەلك چونكە من بەشورەیی دەزانم سەركردە یان لێپسراو دەولەمەند بیو كۆمپانیاو مقاولاتی هەبی ئاسایە دەولەمەند بیت و بازرگانیو مقاولات بكەیت بەلام ئەوكاتە نابی مەسئوول بیت پێشموایە دەولەمەندبوون زۆرئاسانترە لە هەلگرتنی مەسئوولیەتیو ئۆبالی خەلك.

**پرسیار.. ئەگەر یەكی بیەوی بەرێزت ببینی زۆربەئاسانی دەگاتە لات تۆبلێیت ئەگەر بەر پرسی مەلبەندیش بیت بەوشێوە دەبیت؟**

وەلام.. لێپسراوێتی مەلبەندی هەولێر بۆ من كارێكی ئاسان نیە. وەدەبی زۆربەی كاتەكانی خۆمی بۆ تەرخان بكەم بەلام ئەوكاتەش بەبی زەحمەتی دەبیندرێم دیارە بۆ خزمەتی گشتیش دەبی كاتەكان دیاری بكرێن.

لەكۆتایدا زۆر سوپاسی بەرێزت دەكەین و هیوای سەركەوتنت بۆ دەخوازین...

www.kurdistannet.org

28-10-2006 10:11 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا